## کەسایەتییەکی سیاسیی کورد لە ئوروپا

بە حیسابی ئەو عینوانەی سەرەوە، واهەیە خوێنەر چاوەڕوان بکات باس لە کەسایەتییەکی بەساڵاچووی خاوەن مێژووی دوورودرێژی خەبات و بەرخۆدان لەگوێن کامران بەدرخان و دوکتۆر عیسمەت شەریف بکەم. بەڵام بەپێچەوانە لە کیژۆڵەیەک دەدوێم کە بە گوێرەی تەمەن، گەنج و بە حیسابی پێشینەی خەبات و باوەڕی بێ سنوور بە دواڕۆژی ڕووناکی تێکۆشانی گەلەکەی و ورەی بەرز و فیداکاری و لەژوور هەمووانەوە کارامەیی سیاسی، وەپێش گەلێک ناوی گەورەی گۆڕەپانی سیاسەتی کورد کەوتووە و ئەوەی ئەو بەتەنیا کردوویەتی واهەیە بە گروپ و تەنانەت ڕێکخراوەیەکی سیاسیش نەکرێت.

نیازم "نیگار عینایەتی" یە.

من نیگارم سێ ساڵ پێش ئێستا لە لەندەن بینی و جارێکیش بەختی ئەوەم هەبوو کە لە چل و دووهەمین ڕۆژی مانگرتنی ئەو و چواردە کەسی هاوڕێی لەبەر دەم دادگای ستراسبورگی فەڕانسەدا بە تەلەفون قسەی لەگەڵ بکەم. لە چاوپێکەوتنی لەندەنمدا سەرم لە ورەی بەرز و ڕادەی دڵسۆزیی ئەو بۆ گەلی کورد، سووڕمابوو.

کاتێکیش مانگرتنەکەی ئەو و هاوڕێکانی لە ستراسبورگ گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدار و هەواڵی ئەوە گەیشت کە مۆڵەتی عیلاجی خۆی بە دوکتۆرەکان نەداوە و لە نەخۆشخانەوە گەڕاوەتەوە شوێنی مانگرتنەکە، نیگەرانیم لەمەڕ بارودۆخی تەندروستیی ئەو و هاوڕێکانی زیاتر بوو و ویستم وەک برایەک تکای لێبکەم ژیانی خۆی بپارێزێت؛ هۆکاری ئەم خواستەشم نەک دژایەتی کردنی ئەو و ڕێکخراوەیەک و سیاسەتێک بەڵکوو هەوڵدان بوو بۆ پاراستنی گیانی ئەو خەباتکارە لەخۆبووردوە. دڵنیابووم لەداهاتوودا گەلەکەمان پێویستی بە شۆڕشگێڕێکی وەک ئەو زیاتر دەبێت. جا، لە ڕێگەی برادەرێکی خۆشەویستەوە ئیجازەم لێ وەرگرت بە تەلەفون قسەی لەگەڵدا بکەم دەمویست هانی بدەم ئاگای لە گیانی خۆی بێت و لەوە زیاتر خۆی نەخاتە مەترسیی مان و نەمانەوە. ئەوە هەستێکی ئینسانی بوو و بە ئەرکی خۆم دەزانی دەریببڕم. بەڵام کاتێ قسەکانمان دەستی پێکرد و هەڵوێستی قورس و قایمی ئەوم بینی کە لەو هەل و مەرجە ناسکەدا باسی خۆی ناکات و لە خەباتی سیاسی و دواڕۆژی گەل دەدوێت، ئیتر ئیجازەم بەخۆم نەدا تەنانەت بابەتەکەی پێ ڕابگەیێنم. گەورەیی ڕۆحی هەندێک مرۆڤ دەگاتە بەرزایی ئاسمان.

نیگار بۆکانییە و لە نۆروێژ دەژی، ئەندامی حزبێکی سیاسی ئەو وڵاتەیە و هەموو ژیانی خۆی تەرخانی کاری سیاسی کردووە. هەروەها ئەندام یا لایەنگری "پارتیا کرێکارێن کوردستان" ە، لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا خەبات دەکات و بڕوایەکی لەبن نەهاتووی بە دادێی خەباتی کوردی باکووری کوردستان هەیە.

ئەوە فیلمی دانیشتنی چاپەمەنی کومیتەیەکی پشتگیری لە مافەکانی گەلی کوردە لە ڕۆژی ٤٩ هەمی مانگرتنی ١٥ کەسەکە لە ساڵۆنی پەرلەمانی ئوروپا، کە لەیلا زانا و چەند پەرلەمانتاری ئوروپایی تێیدا بەشدارن. گوێ بدەنە قسەکانی نیگار و ببینن لەو دۆخە ناسکەی وا تێیدایە، چۆن بەو زمانە ڕەوان و جوانە ئینگلیزییە لە کێشەی کورد و ڕێزدار عەبدوڵڵا ئوجالان دەدوێت. زانایی سیاسیی نیگار کاتێ دەردەکەوێت کە لە نێو قسەکانیدا ئاماژە بە مەترسیی سەر ژیانی دوو زیندانیی ژێر ئیعدامی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و لە کۆنسەی ئوروپا دەخوازێت گیانی بەڕێزان "حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور" و "شێرکۆ مەعاریفی" بپارێزن.

http://www.youtube.com/watch?v=hQKLP4ImPr4&fb_source=message

ئەوەش ڕاپۆرتێک سەبارەت بەو دانیشتنە کە لەڕۆژی خۆیدا لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بڵاو کرایەوە.

http://www.youtube.com/watch?v=hQKLP4ImPr4&fb_source=message

پێویست بە گوتنە کە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان یەک لەو دەگمەن ماڵپەڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە هەواڵی ڕۆژبەڕۆژی گۆڕانکارییەکانی ئەو مانگرتنەی بڵاو کردەوە و ژمارەی هەواڵی ڕاگەیێنراوی ماڵپەڕەکە سەبارەت بەو بابەتە، لە قۆناغێکدا گەیشتە ٢٢ بابەت.

ئەوەش دەقی چەند وتووێژی نیگار خانم لەگەڵ دەنگی کوردی ڕادیۆ ئەمریکا لە ماوەی مانگرتنەکەدا:

http://www.voanews.com/kurdish/news/nigar_08aprl12-146597115.html

http://www.voanews.com/kurdish/news/negar_14mar12-142652476.html

http://www.voanews.com/kurdish/news/negar_07mar12-141713923.html

با خەباتی نیگار سەرمەشقێک بێت بۆ هەموو ئێمەی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت نەوەی دووهەمی ئێمە کە بە پەنابەریی هاتووینەتە ئەم لایانە و منداڵەکانمان کە لە بارودۆخی ئێرەدا گەورە بوون.